

## ئایسەل بوراک:

# پیاو لەسەر سەرشۆی زاوا گۆرانی گوتووە، بەڵام من ئەم ڕێچکەیە دەشکێنم

**لە باکووری کوردستان دەیان کچە هونەرمەندی دەنگخۆش هەن کە لە پاڵ ئەوەی بە شێوەیەکی ئەکادیمی هونەری کوردییان رازاندۆتەوە و لە و بوارەودا خزمەت دەکەن، بەڵام لە هەمان کاتدا نەك فۆلکلۆر و گۆرانیی رەسەنی کوردییشیان فەرامۆش نەکردووە، بگرە کردوویانە بە هەوێنی کارەکانیان و بە بناغەیەکی پتەو و رەسەنی دادەنێن. ئایسەل بۆراك یەکێکە لەو کچانە کە لە رێگای لاوك و گۆرانییە رەسەنەکانەوە ناسراوە، لە هەمان کاتدا قوتابیی بەشی موزیکە لە ئەستەنبوڵ و هەوڵ دەدات ئەکادیمییانە خزمەت بە هونەری کوردی بکات.**

*** زۆر لـە هونەرمەندانـی باکـووری کوردسـتان لـە خانەوادەکانـەوە دەسـتیان بـە کاری هونـەری کـردووە، دەسـتپێکی کاری ئێـوە چـۆن بـوو؟**

- مـن لـە ناوەنـدی هونـەرو میوزیکـی میزۆپۆتامیـای وان بـووم، کـە ئـەو کات تەمەنـم تەنیا نزیکـەی ١٠ سـاڵ دەبوو، بـەڵام دوای ئـەوەی چوومـە ئیسـتەنبوڵ، لـەوێ هەوڵمدا بەشـداری لـە چەنـد خولێکـی فێرکاریـی ئامێرەکانـی میوزیـك بکـەم، خۆشـبەختانە توانیـم خـۆم فێـری ئامێـری گیتـار بکـەم، کـە زۆر هـاوکارم بـووە بـۆ ئـەوەی بـەردەوام بـم لـە گۆرانـی گوتـن، جگـە لـەوە هیـچ هـاوکاری

و پاڵپشتییەکم نەبووە، هەر خۆم توانیومە خۆم فێری ئامێری میوزیك بکەم و دەست بە گۆرانی گوتن بکەم، تاوەکو ئێستاش هیچ کەسێك دەستی نەگرتووم تا هاوکاریم بکات.

*** وەك کچە کوردێکی باکوور، چۆن لە گۆرانی و موزیکی کوردی دەڕوانیت؟**

- ژیانم بۆ میوزیك و گۆرانی تەرخان کردووە، جگە لە گۆرانی گوتن هیچ کارێکی دیکە ناکەم، لە زستاندا لە زانکۆ دەخوێنم، بە وەرزی هاوینانیش سەرقاڵی کۆنسێرت و ئاهەنگی شایی و داوەتم، لەو شار بۆ ئەو شار دەڕۆین و گۆرانی کوری پێشکەش دەکەین، بەداخەوە ئێستا لە باکووری کوردستان ڕێگا نادرێت کۆنسێرت و داوەت لە دەرەوە بکرێت، دەبێت تەنیا کۆنسێرتەکان لە ناو هۆڵەکاندا بن، ئەمەش کێشەی بۆ ئێمە و بۆ خەڵکیش دروست کردووە، لە باکووری کوردستان مرۆڤ ناتوانیت لەبەردەم ماڵەکەی خۆیشی کۆنسێرت و گۆرانی پێشکەش بکات، ئەمەش لەبەردەم کاری هونەرمەندان بووەتە بەربەستێك.

*** گۆرانی (سەرشۆ) بۆ تۆ چی دەگەیەنی؟**

- یەکەمین کاری هونەریی من کلیپێك بوو بەناوی سەرشۆ، کە ئەم گۆرانییە فۆلکلۆری ناوچەی بادینانە و لە کاتی زەماوەندا زاوا دەبرێتە گەرما، وەکو دابونەریتێکی کۆنی ئەم ناوچەیە، بۆیە گۆرانییەکە لەسەر ئەم نەریتەی ناوچەی بادینان بەرهەم هاتووە و هەر لە ناوچەی ئامێدی و دەوروبەری کلیپەکە لەلایەن دەرهێنەری بەتوانا حوسێن حەسەنەوە وێنەی گیراوە، ئەمە یەکەمین بەرهەمی من بووە وەکو کلیپ، بەڵام کۆنسێرت و ئاهەنگی زۆرم هەیە، هەروەها من یەکەم ژنم کە لەسەر سەرشۆی زاوا گۆرانیم گوتووە، هەمیشە گۆرانیبێژی پیاو لەسەر سەرشۆی زاوا گۆرانییان گوتووە، بەڵام من حەزم کرد ئەم ڕێچکەیە بشکێنم.

*** دەڤەرەکەی ئێوە بە مەقام و لاوك ناسراوە، تۆش بە شێوەی ئەکادیمی هونەر دەخوێنی، چۆن دەتوانی لەو دوو ئاراستەیەدا سەرکەوتوو بی؟**

- لە سەرەتای کاری هونەری و گۆرانی گوتنمدا لاوك و مەقاماتم دەگوتەوە، بەتایبەتی لاوکی دەنگبێژە ناودارەکانی کورد، کە ئێستاش لەسەر زاری بەشێکی زۆری خەڵکی ئەم ناوچەیەدا ماون، دەنگبێژی پانتایەکی مەزنی لە دڵ ودەروونمدا گرتووە، هەموو کارو چالاکییەکانم لەسەر بنکەی دەنگبێژان بنیادنراوە، زۆر حەز لە دەنگبێژەکانی ناوچەی بۆتان و بادینان دەکەم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەشێوازی نوێ گۆرانی دەڵێم و هەوڵدەدەم لە هەموو ستایلەکان میوزیك و گۆرانی بڵێم، بەڵام بەشێوازێکی ئەکادیمی و پرۆفیشناڵ گۆرانییەکان دەڵێمەوە، هیوادارم بەدڵی هەوادارانی میوزیکی کوردی بێت.

*** بە هۆی تەکنۆلۆژیا و نزیك بوونەوەی گەلان ئێستا بەشێك لە هونەرمەندانی کورد مۆسیقای کوردییان تێکەڵ بە ستایلی بیانی کردووە، چی دەڵێی بۆ ئەمانە؟**

- من هەمیشە دژی ئەوە بووم کە گۆرانی و میوزیکی فۆلکلۆری کوردیی ڕەسەن دەستکاری بکرێت و بەستایلێکی نوێ کاری لەسەر بکرێت، چزنکە ڕەسەنایەتی خۆی لەدەست دەدات، ئەگەر دەستکاری میلۆدی و تێکستی ئەو گۆرانیانە بکرێت ئەو تام و چێژەی جارانی نابێت.

*** ئایا لە گۆڕەپانی هونەری کوردیدا هونەرمەندانی ئافرەت لە چ ئاستێکدان؟**

- بەشێك لە ئافرەتە هونەرمەندەکان کاریان لەسەر گۆرانیگوتن لەسەر مافەکانی ئافرەتان و خەبات و کێشەکانیان کردووە، بەڵام ئەوە ڕاستە کە ئەم هەواڵانە کەمن و دەکرێت زیاتر لەسەر مافەکانی ژنان کار بکرێت، ئێمەی هونەرمەندانی ئافرەت دەبێت بەشێوەیەکی فراوانتر کار لەسەر پرسی ئافرەتان بکەین، تا لە نێو کارە هونەرییەکاندا جێگایان بۆ بکرێتەوە و لەبەرچاو بگیرێن.

بەداخەوە تاوەکو ئێستا بەشێکی زۆر لە هونەرمەندانی باکووری کوردستان وەکو هونەرمەندانی جیهان و تورك نەیانتوانیوە لەڕێگەی هونەرەکەیانەوە بژێوی خۆیان دابین بکەن، بەداخەوە ئێمە شەش ساڵ جارێکیش ناتوانین ئەلبوومێکی گۆرانی بڵاوبکەینەوە، من نزیکەی دوو ساڵ کارم کردووە بۆ ئەوەی بتوانم گۆرانییەکی سینگل تۆمار بکەم و بڵاوی بکەمەوە، چونکە یان دەبێت بۆ بژێوی ژیانم کار بکەم یان بۆ هونەرەکەم، ئەمەش بارگرانییەکی زۆری لەسەر شانی هونەرمەندانی باکووری کوردستان دروستکردووە.

*** پەرتەوازەیی و دابەشکردنی کوردستان بەسەر چوار وڵاتدا، چ کاریگەرییەکی لەسەر هونەری کوردی و پێشکەوتنی ئەو هونەرەوە هەبووە؟**

- بێگومان کاریگەرییەکی نەرێنیی هەبووە، سەرەڕای ئەوەی کە ئێستا بە هۆی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیاوە تا ڕاددەیەك ئەو کاریگەرییە کەم بۆتەوە، بەڵام هەر ماوە، زۆر بەداخەوە پەیوەندی لە نێوان هونەرمەندانی هەرچوار پارچەی کوردستان زۆر کەمە، لە نێو سینەماکاران و شانۆکاران و گۆرانیبێژانیش هەیە، ئەمەش کەمو کووڕییەکی زۆر گەورەیە، کە تاوەکو ئێستا نەتواندراوە ئەو پردە لە نێوان هونەرمەندانی هەرچوار پارچەی کوردستان دروست بکرێت، پێویستە پلاتفۆرمێك هەبێت بۆ ئەوەی هەموو هونەرمەندانی کورد لە ژێر یەك چەتردا کۆ بکاتەوە، هەڵبەتە جیاوازی ئایدۆلۆژیای سیاسی کاریگەریی لەسەر هونەرمەندانی کوردستانیش هەبووە.



**پرۆفایل:**

ناوی تەواوی ئایسەلە و پاشناوی بوراکە، لە ساڵی ١٩٨٩ لە شاری وان-ی باکووری کوردستان لەدایکبووە، بە ڕەچەڵەك خەڵکی ناوچەی جۆلەمێرگە، بەڵام دەمێکە ماڵباتەکەی بۆ شاری وان کۆچیان کردووە.

تاوەکو تەمەنی ( ٩ ) ساڵی هەر لە وان ژیاوە، بەڵام دواتر وەکو بەشێك لە خەڵکی ئەم ناوچەیە بۆ کارکردن ڕووی لە ئیستەنبۆڵ کردووە، و لەوێ ژیانی بردووەتەسەر و خوێندنیشی هەر لەم شارە بووە، تاوەکو قۆناغی زانکۆ، ئێستاش قوتابییە لە بەشی میوزیکی زانکۆی ئیستەنبوڵ، چونکە هەوڵ دەدات بەشێوەیەکی زانستی و ئەکادیمی و زانستی لە میوزیك و هونەری گۆرانیی کوردی شارەزا بێت.

بەڕێوەبەرایەتی سینەمای هەولێر
Erbil Directorate of Cinema

# یەکەمین دیداری نێودەوڵەتیی کورتە فیلمی ئەنیمەیشن لە هەولێر





بەڕێوەبەرایەتیی هونەری سینەمای هەولێر لە درێژەی کار و چالاکییە هونەرییەکانیدا، یەکەمین دیداری نێودەوڵەتیی کورتەفیلمی ئەنیمەیشن لە هەولێر ساز دەکات.

ئەم دیدارە کە لە ناوچەکە و کوردستانیش جۆر ونموونەی نییە و زۆر تایبەتمەندە، پەنجا کورتە فیلم لە ١٧ وڵاتی جیهان بە کوردستانیشەوە تێیدا بەشدارن، چەندین کار و بەرهەمی تازەی کورتە فیلمی ئەنیمەیشنی کوردی بەرهەمی بەڕێوەبەرایەتیی سینەمای هەولێریش ئامادە کراون.

جیا لە نیشاندانی فیلم، سێ پانێلی تایبەت لەسەر سینەمای ئەنیمەیشن و گرنگییەکانی لە هەموو بوارەکانی ژیانەوە ساز دەکرێن، لیژنەی دادوەران لە کورد و خەڵکانی غەیرە کورد پێك دێن، کۆمەڵێك میوان لە دەرەوەی وڵاتیش بشدار دەبن، چوار خەڵاتی سەرەکی بە سەر فیلمە براوەکاندا دابەش دەکرێت، باشترین فیلم، باشترین بیرۆکە، باشترین دەرهێنەری جێبەجێکار، باشترین فیلمی نێودوڵەتی. دیدارەکەش لە رۆژانی ٢٦ تا ٢٩ ی مانکی ١١ ساز دەکرێ.

شاخەوان مستەفا، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتیی هونەری سینەمای هەولێر لە لێدوانێکیدا باسی لە گرنگیی فیلمی ئەنیمەیشن کرد، کە هونەرێکی تازەیە و لە فیستیڤاڵە سینەماییەکاندا گرنگیی پێ دەدرێت و پانتاییەکی فروان لە گرنگیپێدان و رووناکی خستنە سەر لەخۆ دەگرێت. بۆیە ئێمەش وەك کورد گرنگییەکی باشمان بە بوارەکە داوە و بە چەندین کورتە فیلم سەرکەوتنی گەورە و بەرچاومان لە فیستیڤاڵەکان بەدەست هێناوە. ئەم دیدارەشمان کە نموونە و هاوتای نییە لە ناوچەکە، سەلمێنەری ئەوەیە کە دەمانەوێ گرنگیی زیاتر بەو بوارە گرنگەی سینەما و فیلم بدەین.»








# فیلمی تێکشکێنەری ئەفسانە

فیلمی "تێکشکێنەری ئەفسانە" لە دەستپێکی دیداری نێودەوڵەتی کورتە فیلمی ئەنیمەیشن لە هەولێر نمایش دەکرێت، فیلمێکی جیاواز و تایبەتە لەسەر قارەمانێتی و نەبەردیی پێشمەرگە لە شەڕی دژ بە تیرۆر و فیلمەکە بەشێوەی فیلمی ئەنیمەیشن بە جۆر و کوالێتییەکی زۆر بەهێز و هونەری و بە پێشکەوتووترین سیستەم و تەکنیکی هونەری ساز دەکرێت، کە تێچوویەکی زۆری هەیە، بەڵام لە چاو فیلمە ئەنیمەیشنە جیهانییەکانی دیکە تێچوویەکی ئەوتۆی نییە، لە رووی کارکردن و کوالێتیشەوە هیچی لە فیلمی جیهانی کەمتر نییە.

ماوەی فیلمەکە ٧٠ خولەکە و جۆر ی فیلمی جەنگی و ئاکشنە، ماوەی ساڵێك کارکردنی بەردەوامی دەوێت و ستافێکی کارا وپرۆفیشناڵی هونەری بەردەوام کاری تێدا دەکەن.

چیرۆکی فیلمەکە لە داگیرکردنی موسڵ لەلایەن داعشەوە دەست پێدەکات و بە ئازدکردنی شنگال لەلایەن پێشمەرگەوە و هەڵکردنی ئاڵای کوردستان کۆتایی دێت. شەڕە سەختەکانی میحوەری گوێر و مەخموور و بەنداوی موسڵ و زومار و شنگال لەخۆ دەگرێت. لەسەر بریار و راسپاردەی سەرۆك بارزانی، جگە لە ئاڵای کوردستان پاڵەوانێتیی پێشمەرگە، هیچ کەسێك و سەرکردەیەك دەرناخرێت و لۆگو و دروشمی هیچ فەرماندەیەکی سەربازییش پیشان نادرێت، جگە لە لۆگۆ وئاڵای کوردستان.

فیلمەکە بە شێوەی ئەنیمەیشن دەردەکرێت، کە کارێکی تازە و ناوازەیە لە ناوچەکە و هاوتاو هاوشێوەی نییە، وابڕیارە فیلمەکە لە وڵاتانی جیهان پیشان بدرێت و مارکتینگی بۆ بکرێت، جگە لەوەی لە کوردستانیش نمایش دەکرێت، هەوڵیش دەدرێ لە ئەمریکا ش لە سینەماکان پیشان بدرێت، فیلمەکە بە هاوبەشیی وەزارەتی رۆشنبیری و هونەری سینەمای هەولێر و چەند کۆمپانیایەکی کەرتی تایبەت بەرهەم دێت. ساڵی ٢٠٢٠ لە سینەماکانی کوردستان و جیهان پیشان دەدرێت. ترایلەری پرۆژەکەش لە دەستپێکی کرانەوەی یەکەمین دیداری نێودەوڵەتیی کورتە فیلمی ئەنیمەیشن پیشان دەدرێت و بە فەرمی رادەگەیەندرێت.

